# چۆن و کەی و کێ هەڵبژێرم؟

# دەمەوێ هاوسەرێك هەڵبژێرم، بەڵام کێ..!؟



ئەو کچە هەفتەیەکە بیر دەکاتەوە، لە داخوازی ئەو کوڕەی کە دەیەوێت بیکات بە هاوسەری داهاتووی ژیانی خۆی، ئەو لەوە دەترسێت، کە بچێتە خانەی ئەو هەزاران قەیرەکچەی کە شەمەندەفەری هاوسەرگیریی بەجێی هێشتوون، کە هۆکاری زۆربەیان بۆ خودی خۆیان دەگەڕێتەوە، ئەوانە زۆر دوودڵن لە هەڵبژاردنی یەکێک، نەوەک لە ژیانی داهاتوویان سەرکەوتن وەدەست نەهێنن.

قەیرەیی، دیاردەیەکە بەرۆکی کچ و کوڕەکانی گرتووە. بۆتە دەرکەوتەیەک کە کۆمەڵێک بیروبۆچوون و رای جیاوازی هەڵگرتووە و لە چەندان شوێنگەلی جیاواز گفتوگۆی لەخۆ هەڵگرتووە.

نوکە، قەیرەیی تەنها نووساو نییە بەو ئافرەتانەی کە شەمەندەفەری تەمەن بەجێی هێشتوون و بە «خاوەنی چانسە بەدەکان» ناسراون، یا کچە خاوەن تایبەتمەندییە نامەرغوبەکانی کۆمەڵگا، بەڵکو ئێستا قەیرەیی بەشێوەیەکی گشتی باڵی بەسەر توێژە جیاوازەکانی جڤاکدا کێشاوە، بە جیاوازی رەنگ و رووخسار و ئاستەکانەوە. ئەوەی بەدی دەکرێت،

وا خەریکە ژمارەی کوڕە بوخچە نەکراوەکانیش خۆی لە قەرەی قەیرەکچە بێ چانسەکان بدات.

بەگوێرەی خوێندنەوە و داتا و ئامارەکان، هۆکارەکانی رەبەنی و قەیرەیی جیاوازن، ناکرێت لە چەند هۆکارێکی دیاریکراو قەتیس بکرێت، هەیانە ئابووری، تیاشیاندا هەیە کۆمەڵایەتی، هۆکاری تریش دەکرێت بەگوێرەی ژینگەی کۆمەڵگا و ناوەندەکە، بژمێردرێن.

هێندێک وای بۆ دەچن، کە لەو سەردەمەی ئەمڕۆمان، رەبەنی هەڵبژێردراوە، چونکە کوڕەکان بڕیاریانداوە نەچنە قۆناخی قەفەسی زێڕینەوە، بەهۆی بێکاری و نەتوانینی گرتنە ئەستۆی خەرجییەکانی ژنهێنان و یا هۆکاری مەعنەوی بەوەی کوڕ ئامادە نییە بڕوا بە زەواجێکی کلاسیکی بکات، کە کچەکە لەلایەن ماڵباتەکەیەوە، بۆی دیاری بکرێت.

هەرچی کچیشە بڕیاریداوە، شوو نەکات. لەبەر هۆکاری کۆمەڵایەتی وەکو پێداگرتنی باوک و برا و خێزان لەسەر شوو کردن بە کوڕێکی دیاری کراو، یا لەبەر هۆی خۆیەکی (ذاتي) وەکوو دانانی کۆمەڵێک مەرجی قورس لەلایەن کچەکەوە، بۆ شۆڕەسواری خەونی داهاتووی.

هەندێک لە کچەکان، قەیرەییان بەلاوە کێشە نییە، چونکە ئەوان خۆیان بڕیاریانداوە، کە سەرکەوتنی ژیانی پراکتیزەییان دڵخواز بکەن، بەسەر شووکردنیانەوە. بۆیە دەبینی کە ئەوان تەمەنی بیست ساڵی بەڕێدەکەن و پێ دەنێنە ساڵەکانی سی تەمەنیان، کاتێک دادێت نیشانەی چاوەڕێ بوون بۆ شۆڕە سوارێک بە رووخسارییانەوە بەدی دەکرێت، بەڵام ئایا ئەو شاسوارە راکردووە، ئەگەری پەیدابوونی هەیە؟

گومانی تێدا نییە، کە هۆکارگەلێکی زۆر هەن، بۆ مەسەلەی وەلاوەنانی ئەو گەنجە کوڕ و کچانە بۆ هاوسەرگیریی، یا کەوتنە نێو داوی هاوسەرگیرییەکی ناڕەزامەندانەی بەکێشە، کە کۆتاییەکەی کارەسات و مەرگەساتی لێ دەکەوێتەوە.

لە سەرەتا لە هەر خورتێک بپرسیت: پێوانەت بۆ هەڵبژاردنی خێزانی داهاتووت چییە؟ وەڵامەکەی ئاشکرایە کە دەڵێت: بنەماڵە و ئەخلاق و زانست و جوانی.

کە لە نازکێکیش بپرسیت، دبێژێت: کوڕێک لە خوا بترسێت و کامەرانم بکات. بەڵام کە مەسەلەکە جدییەت وەردەگرێت، ئەو قسانە دەبنە کای بە با چوو و دروشمی بریقەدار. لەبری ئەوە، دوودڵی و دڵەراوکێی و کۆمەڵێک پرسی تر دێنە گۆڕێ کە رێکەوتنەکە زەحمەت دەکەنەوە.

لاوێکی تەمەن سی ساڵان دەڵێت: ئێستا لەو تەمەنەم زەحمەتە بتوانم هاوسەرێک بۆ خۆم هەڵبژێرم کە ئەو تایبەتمەندییانەی تێدا هەبێت کە خۆم گەرەکمە، بەراشکاویش دانی پێدا دەنێم، کە ئەو کچانەی پێوانەکانی هێنانیان تێدایە، دەگمەنن. بەرانبەر ئەوەش کۆمەڵێک گەنج هەن، کە ئەو سیفەتە سەرنجراکێشەیان تێدا نییە، بتوانێت بڕوا بە کچانێک بکەن، کە شوویان پێ بکەن. بەتایبەت دوای ئەو گۆڕانکارییە ریشەییەی بەسەر کۆمەڵگەدا هاتووە، بەوەی بەرژەوەندی لەسەرووی هەموو پرنسیپەکانە.

بەگەڕانەوە بۆ سەرەتای بابەت، قەیرەیی و رەبەنی روو لە زیادبوونن، زەرووره چارەسەرییان بۆ بدۆزرێتەوە و میکانیزمی ئەو کارەش بخرێتە بەردەستی پسپۆڕان.

بەڵام کێ لەو مەسەلەیە لۆمەتبار بکەین؟ کچ لۆمەبار بکەین بەوەی کەس ئامۆژگاریی و رێنمایی نەداوە، بەبیانووی ئەوەی «خۆی ئازادە لە هەڵبژاردن»، یا ئەو کوڕە ونبوەی نێو واقیعی چەکوشی هەژاری و (سندان)ی بێکاری تۆمەتبار بکەین، کە بەدوای شەهەوات و ئارەزووە بێسنوورەکانی راماڵیوە. یاخود خێزان و کۆمەڵگا بەرپرسیاری سەرەکی ئەو ئاریشەیەن؟

بێگومان پێویستە رەخنە لە خێزان بگرین، کە زەرووره بە هەڵسەنگاندنی رەوتاری منداڵەکانیدا بچێتەوە، بەوەی گوچانەکە لە ناوەڕاستەوە بگرێت. نە بەرەڵاییەکی رەها و نە چەپاندن (کبت)ێکی خنکێنراو، ئەوەشی دەمێنێتەوە لە ئازادی پێویستە بخزێنرێتە نێو بازنەسیستەمێکی رێکخراو، بەرنامەڕێژی بۆ بکرێت، کە بنمیچی هەبێت نەک دیوار، بۆ ئەوەی ئەو پرسیارە نەبێتە مۆتەکەی خورت و نازکەکان کە لەخۆیان بپرسن: کەی و چۆن و کێ هەڵبژێرین؟